World Bank خوێندنەوەیەک بۆ نەخشە ڕێگای بانکی جیهانی... بەشی یەکەم ...ئاسۆکمال

بەشی یەکەم

"جەهەنەم خاپیە چونکە هەموو شێتانەکان لێرەن" ولیام شکسپیر

کاریگەری قەیرانی دارایی و دابەزینی نرخی نەوت لە ساڵی ٢٠١٤پارتی و یەکێتی فەرکرد کە کەمکەمکردنی سەرمایە پەویستی بە نەخشە و سیاسەتی ئابووری یە و ناکرێت وەک ٢٥ ساڵی ڕابردوو بە ڕاوەوتی گومرگی یان بە قاچاغ فرۆشی تەنکەری نەوت ئابووری کوردستان بەرن بەڕێوە. هەربۆیە نەچیرڤان بارزانی لە شوباتی ٢٠١٦دا داوای لە بانکی جیهانی کردوە کە نەخشە ڕێگایەکی بۆ ئیفەرمی ئابووری کوردستان بۆ ئامادەبکا.*١ئەم نەخشەیە بریتیە لەو هەنگاوانەی کە بازاڕی کوردستان لە چوارچێوەی نەخشەی جیهانی بازاڕی سەرمایەدا ڕێک دەخا و دەیەوە وەڕام بۆ کەشانە بداتەوە کە لەبەردەم ئابووری سەرمایەداری لە کوردستاندایە. بەرنامەی حکومەتی هەرێم " تەوانین بۆ ئایندەی کوردستان لە ٢٠٢٠"*٢ یش لەسەر هەمان بنەماکانی ئەم نەخشە ڕێگایەی بانکی جیهانی دانراوە.

لەم وتاردا لەسەر پەویستی ئەم بەرنامەیە بۆ حکومەتی هەرێم و بانکی جیهانی و کاریگەری لەسەر ئاستی ژیانی خەڵک و ئابووری کوردستان قسەدەکەین وئاماژە بۆ تەجروبەی ولاتانی تر دەکەین کە ئەم بەرنامانەیان بەسەردا سەپاندون.گرنگی ئەم باسە لەوەدایە کە دەسەلاتدارانی کوردستان دەیانەوە بەپێی ئەم نەخشەوسیاسەتانە ئایندەی ئابووری کوردستان دیاری بکەن وتاکو ساڵی ٢٠٢٠کەمەلێک هەنگاوبنێن کە دۆخی ئابووری و سیاسی کوردستان دەگۆڕێ و چوارچێوەیەکی نوێ بۆ ململانێ سیاسیەکان وخەباتی جەماوەری دیاری دەکا.

ئیفەرمی ئابووری پێشنیارکراوی بانکی نێودەوڵەتی

پێشتر لەکانونی دوەمی ٢٠١٦دا لە وتارێکدا "خوێندنەوەیەک بۆ قەیرانی ئابووری" * ٣سەرچاوەکانی ئەم قەیرانە و ئایندەکەی و

هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لە بینینی موچە و قەرز و کارتی تایبەتمان کرد. لەردا لەسەر ئەم نەخشە ڕێگایەی بانکی جیهانی و بەرنامەی حکومەتی هەرێم " تەوانین بە ئایندەی کوردستان لە ٢٠٢٠"*٣دا بە چارەسەری ئەو قەیرانە قسە دەکەین.

خاڵە سەرەکیەکانی ڕیفەرمی پێشنیارکراوی بانکی نێودەوڵەتی بریتیە لە:

١- کەمکردنەوەی مەسرەفی حکومەتی هەرێم لەڕێگای کەمکردنەوەی فەرمانبەران و کرێکارانی دامودەزگاکانی حکومەت و کەمکردنەوەی خانەنشینی حکومی
٢-کەمەک نەکردنی حکومەت بە نرخی کاڵاکان لەوانە مادە خراکیەکان، بەنزین
٣- کردنی خزمەتگوزاریەکانی کارەبا و خزمەتگوزاریە گشتیەکان بە موڵکی سەرمایەدارانی تایبەت لە جیاتی حکومەت
٤- ریفەرمی کارتی دارایی گشتی و بانک
٥- دانانی ئاوەڕۆیەتی نەخشە و بودجەی حکومەت بە دابینکردنی پەداویستی پڕۆژە سەرمایەداریەکان

بانکی جیهانی تایتڵی پڕۆژەکەی "ڕیفەرمی ئابووری لە پێناو دابەشکردنی بەرهەمی سەرکەوتویی و گەشە و پاراستنی لەقوماوان و هەژاران" ، بەڵام ناوەڕۆکەکەی بەرنامەی کەمکردنەوەی بڕی کرێکار وفەرمانبەر و چینە کەم دەرامەتەکانە(خاڵەکانی ١و٢و٣) و زیادکردنی بڕی سەرمایەدارانی دەسەلاتە(خاڵەکانی ٣و٥) . ئەمە شێوازی نوسینی سەر چەرمە پاڵمپسیستەکانی سەدەکانی ناوەڕاستە کە دەبوایە نوسینی سەروەبەریتەوە تا نوسینەکەی ژێروە ببینی . ئەمە هەمان نەخشەی ٢٠٢٠ حکومەتی هەرێمە بە بە درێژدادیە پە درۆ و فریوکاری کە باسی مەبدەئی ئەم حکومەتە بە لەپشتوە دانانی گشپەدان و مافی مرۆڤ کە لە ٦٦ پەڕەدا وەک ڕیکلامی بازرگانی وبەدەرەوە بلاوکراوەتەبوە بە ڕازاندنەوەی جەهەنەمی ٢٠٢٠ وفرشتنەوەیەتی بە بەخەلک بەقیمەتی هەشتی ئایندە.

لە ڕێگای ئەم نەخشە و ریفەرمەوە دەردەکەوە کە کێشە و قەیرانی ئابووری و دارایی بەڵای بانکی جیهانی و حکومەتی هەرێمەوە ئەوە نیە کە نەوت و سەرچاوەکانی وزە و داهاتی کوردستان کراوەتە موڵکی چەند بنەماڵەیەکی حزبی و زەربەی خەکیش موچەیەکی مەمرەو مژیان هەیە و خزمەتگوزاریەکان لە نزمترین ئاستدایە. بەکو کێشەی ئەوان چەنیەتی کەمکردنەوەی ئەو بڕە کەم و ناچیزەیە کە بە موچە و

خزمەتگوزاریەکان دەدرێ. ئەم خاڵی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشی ئەم دوو لایەنەیە کە دەیانەوێ ئابووری کوردستان بە کۆکەی سەرمایە لەسەر حسابی هەژارترکردنی کرێکار و فەرمانبەر و هاوڵاتی کوردستان ڕیفەرم بکەن. ئەم پڕۆژەیە بۆ ئاشکرا دەڵێ حکومەتی هەرێم دەبێ لەموچە و خزمەتگوزاریەکان کەمبکاتەوە تاکو پارەی کەمپانیاکان بدات!

بانکی جیهانی ماوەی ٣ ساڵی بە حکومەتی هەرێم دەست نیشانکردوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە واتە تا ٢٠٢٠ ، بەڵام دەڵێ حکومەتی هەرێم توشی سەرسوڕمانی کردوین کە "هەنگاوی خێرای وای ناوە لە یەکساڵی ڕابردودا کە ٣٧% سەرفیاتی کەمکردەتەوە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی موچە و ڕیفەرمی پشتیوانی نرخ و خزمەتگوزاریەکان(واتە گرانکردنیان)"*(سەرچاوەی ژمارە ١ لاپەڕە ٧). واتە خەڵکی موچەخۆر و کرێکار و کارمەند و خانەنشین و خەڵکی کەم دەرامەتی کوردستان لە ساڵێکدا ئاستی ژیانیان بە زیاتر لە ٢/٣ پشتریان دابەزیوە و بڕگومان نەخشە و سیاسەتی ٢٠٢٠ ی حکومەتی هەرێم کە بەینی موچە و گواستنەوەی موڵکایەتی کارەبا و خزمەتگوزاریەکانە لە ناونیشانی حکومەتی هەرێمەوە بۆ موڵکی ئاشکرای بەرپرسێ حزبیەکان تەنیا هەنگاوکانی سەرتایە لە ڕاوەی ئەو ڕێگایەدا کە بە جۆهەنەمەک دەگات کە لە ٣ ساڵی داهاتودا هەمو ئاکامەکانی دەبینین.

ئەم بەدە بون و چەپڵە لەدانەی بانکی جیهانی*٤ بە "ئەولەویاتی سیاسی لە تەوانین بە ساڵی ٢٠٢٠"ی حکومەتی هەرێم ،کە مامی بچوک و بارزانی بچوک بە دەسەڵاتی میلیشیایی نەوتی یەکێتی و پارتی دایانناوە، لەبەر ئەوەیە کە هەمان نەخشەی ڕیفەرمی ئابووری بانکی جیهانیە بەڵام بە میکانیزمی چەک و فریودان. بانکی جیهانی دەڵێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە زەر دەمەکە لە ڕاژەهەڵاتی ناوەڕاستدا چاوەڕێی بون*(سەرچاوەی ژمارە ١ لاپەڕە٣) بەڵام هیچ دەوڵەتێک نەیتوانیوە بە ئاسانی بەیاری بە جۆهەنەم سپاردنی خەڵک بدا و هەربەیە توشی شەک بون لە کوردستاندا لەبەرئەوەی لەوانەیە لەهیچ شوێنکی دنیا کەمەک چەتەی دەسەڵاتداریان بەم شێوەی یەکێتی و پارتی کە دوژمنە بگیانی خەڵکەکەی نەبینیبێ. بە سەلماندنی ئەم ڕاستیە سەیرکی ئەم ڕاپۆرتەی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی*٥ بکەن کە دەڵێ ماوەی ٣٠سالە ئەم بەرنامەی ڕیفەرمە ئابوریانە لەڕاژەهەڵاتی ناوەڕاست نەیتوانیوە لەلایەن حکومەتکانی ناوچەکەوە بچێتەپێشەوە وسەرەای ئەوەش لەبەرامبەر سیاسەتی برسیکردن و هەژاری وبکاریدا وەک بینیمان بەهاری عەرەبی وڕاپەڕینی دژی ئەم دەسەڵاتدارانەی

ناوچەکەی لەکەوتوە.

حکومەتی هەرێم دەستی کرد بە بینینی موچە و دواتر بە ناوی پاشکەوتوە بوونسمی موچەی کرد بە نیوە و چارەک و نەدانی بە چەند مانگ ، ئەمانە بەشکی بەم بەستی وازهێنانی فەرمانبەران لە کارکانیان و خە بەکارکردنیان کە ئستا نزیکەی ٢٤% هیزی کار پێک دەهێنن. بەپێی ئاماری بانکی جیهانی ٨٥% داهاتی کوردستان لە فرۆشتنی نەوتە بەام نزیکەی کرێکاران و کارمەندانی هەرێم لەم بەشدا بریتین%١.* (سەرچاوەی ژمارە ١ لاپەڕە ٣)

کەواتە بەشکانی تری کەرتی ئابوری پێویستی بەو هەموو ژمارەیەی هەزی کار نین و نابت داهاتی کوردستان خەرجی موچەی ئەو فەرمانبەرانە بکرێ کە لەبەرهەمهێنانا بەشداری ناکەن. هاوکات بانکی جیهانی هاواری ئەوەدەکا کە "لە ساڵی ٢٠١٤دا معاشی خانەنشینی نزیک بە ملیارێک دۆلار بوو (یان لە ٢.٨% کەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی) وە ئەمە ئاستەکی بەرزە" و "ئەم سیستەمەی موچەی خانەنشینی و دابینکردنی کۆمەایەتی ناتوانێ بەردەوام بێ". کەواتە دەبە موچەی خانەنشینی کەمبکرێتەوە و حکومەت ڕزگاربکرێ لەو ژمارە زەرە لە خانەنشین و کرێکار و کارمەند لە کەرتی حکومی دەرکرێن تاکو ئەم ژمارەیە کەم ببێتەوە. بەشکی تر لە ئامۆژگارییەکان بریتین لە کەمک نەکردن بە نرخی کەلوپەلە سەرەکییەکان وەک خراکی سەرەکی و سوتەمەنی و سپاردنی نرخ بە بازار٠* (سەرچاوەی ژمارە ١ لاپەڕە ١٠). قیرانەکانی بەنزین و سوتەمەنی و گرانی ڕێژەیەژی خراکی و دەرمان کە توشی بازارەکانی کوردستان دەبە نمونەیەکن لەم سیاستە کە حکومەتی هەرێم دەستی بەدەبا.

کەمکردنەوەی ڕێژەی مسرفەکانی حکومەت کە لە ئستادا بە (٥٠%) ی کەی داهات دادنرێ کشەی سەرەکیە بۆلای بانکی جیهانیەوە هەربۆیە پشنیاری ئەوە دەکا کە ئەم ڕێژەیە دەبە کەمکرێتەوە لە ڕێگای ئەو هەنگاوانەی لەسەرەوە باسکرا وە باشترین ڕێگا بۆ جێبەجێکردنی ئەو یفەرمانە بۆوە دادنێ کە کەرتە ئابوریەکان بدرێتە دست کەرتی تایبت و ئەو سەرکرادیەتی بکا. *(سەرچاوەی ژمارە ١ لاپەڕە ٢و ٨)

کەواتە ئاشکرایە کە ئەم جادوی کەرتی تایبت دەیکا لە ئابوری کوردستان بریتیە لە:

١- دەرکردنی کرێکار و کارمەند تیایدا لە کەرتی تایبتدا ئاسانە و

دەرکردنی دامەزراوانی حکومی کە لەپەناو دەنگدان و خزمەتی حزبی دەسەڵاتدارداین لەم کارتەدا نین. کەواتە ئەو ژمارەی بەکاریەی کە ئابووری رەیعی کوردستان بەناچار بەرهەمی دەهێنێ دەتوانرێ بەپێی ئەوەی کە کارتی تایبەت دەسەڵاتدارێ کەشف نابێ و دەبێ خەڵک بەکاری قبوڵ بکا و چاوەروانی لێ دامەزراندنی حکومی نەبێ.
٢- خانەنشینی کەم دەبێتەوە و لێستادا موچەی خانەنشینی کارتی تایبەت نیە
٣- کەمکی نرخ نامێنێ و بازاڕ و کارتی تایبەت نرخی کاڵاکان بەپێی قازانج و هاوکێشەی داوا و خستنەوو دیاری دەکەن. گەنم وبرنج و ئاژەڵ و دەرمان و پێداویستیە سەرەتاییەکانی تر لە ئێگای حکومەت یاخود بە نرخی حکومەت دابین ناکرێن.
٤- کارتی کارەبا و وزە و تەندروستی بەپێی بازاڕ نرخکان دیاری دەکەن و هیچ کەمکێک بە هاوڵاتیان ناکرێ بە دابینکردنی ئەو پێداویستیە سەرەکیانە و هەموو کەس دەبێ پارەبدا بە دەستبەرکردنیان و بەپێی بازاڕ نرخکانیان دەچێتە سەر.

دوالیزمی کارتی تایبەت و کارتی حکومەت

لەپەژەی بانکی جیهانی دا کارتی تایبەت بریتیە لە هاندانی کەمپانیا گەورە بیانیەکان بە بەشداری و شەریک بون لەم پڕۆژانەی کارتی تایبەتدا .*(سەرچاوەی ژمارە ١ لاپەڕە ٨خالی ١٢) بەگومان هەروەک لە بەواری نەوتدا پشکی ئەم کەمپانیانە ٨٠% و پشکی حکومەتەکەی یەکێتی وپارتی ٢٠% بەهەمان شێوە لەم کارتە تایبەتەشدا باڵادەستی هەر بە کەمپانیا گەورەکانە . بەم پێیە پێداگری بانکی جیهانی لە سەر گەشەپێدان و باڵادەستی کارتی تایبەت بە نەهێشتنی مانۆپۆلی دەسەڵاتی ناوخۆیی بەسەر بەرهەمهێنان و بازاڕی کوردستاندا نەک گەشەی ئابووری.

بەڵام بۆچی حکومەتی هەرێمیش هەمان بەرنامەی تایبەتی کردنی موڵکی ئەم کارتانەی ئابووری هەیە؟

ئابووری کوردستان خەی ئابووری موڵکایەتی تایبەتی چەند بنەماڵەیەکی حزبی دەسەڵاتدارە و لەڕاستیدا ئەوەی بەناوی حکومەتەوەیە بەپێی تەوازنی هێزی میلیشیایی و حزبی بەسەر کەس و بنەماڵە و گروپە چەکدارەکاندا دابەشکراوە. گەیەنی موڵکایەتی حکومەت بە موڵکایەتی تایبەتی کەمپانیاکان ڕەسمیەت پێدانی موڵکایەتی ئەو بەرپرس و بنەماڵانەیە کە تائێستا لەژێر ناوی حزب و وەزارەت و دامودەزگا فەرمیەکاندا داهاتەکانیان بە خۆیان پاوان کردوە. بازرگانی نەوت

وخراک و درمان و جگەر و هەر شتێکی تر ئۆگەر ڕاستەوخۆ لەژێر دەستی بنەماڵە چەکدارەکاندا نەبێ ئەوا پشکی سەرکی هی ئەوانە.

تایبەتی کردنی موڵکایەتی کەرتە ئابوریەکان بە یەکێتی و پارتی واتە ڕزگاربون لەوەی بڕشک لەداهاتی کوردستان مەسرەفی موچە و خزمەتگوزاری پێ دابین بکەن و بەرپرس بن لە دابینکردنی گوزەران و تەندروستی و خوێندنی خەڵک. خسوسی کردنی دامودەزگاکانی حکومەت پەبەپێستی دەسەاتکە کە کەرتی سەربازی و سیاسی و دیبلۆماسی خسوسی کردوە و موڵکایەتی تایبەتی ئابوری مونۆپۆلی سەرجەم بوارەکانی حوکمەانی تەواو دەکا.بە بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتیش کەرتی تایبەت بەریتیە لە ڕیگەدان بە مۆنۆپۆلی کەمپانیاوسەرمایەی مالی ئیمپریالیستیان. هەربۆیە دروست وەک شکسپیر دڵڵ لە کوردستانیش شێتانەکانی هەرەم وبانکی جیهانی کەبونەتەوە و جەهەنەمیان چێل کردوە.
لەبڕشی دوەمدا لەسەر گرشەی ئابوری و ئایندەی ٢٠٢٠بەپێی ئەم نەخشەڕێگایە وسیاسەتە ئابوریەکانی حکومەتی هەرەم وکاریگەریە ئابوری وسیاسیەکانیان دەکەین.

_____

١* PUBLIC-EXECUTIVE-SUMMARY-of-KRG-Economic-Reform-Roadmap-post-Decision-Review-5-30-2016.pdf

٢* http://www.ekrg.org/files/pdf/KRG_2020_last_english.pdf

٣* http://www.nrttv.com/birura-details.aspx?Jimare=2413

٤* http://www.worldbank.org/en/news/press-release/2016/05/30/economic-reforms-will-help-achieve-sustainable-and-inclusive-growth-in-the-kurdistan-region-of-iraq

٥* https://www.imf.org/external/pubs/ft/med/2003/eng/abed.htm

---

حزبی کوشندە … بەختیار محەمەد

کوشندەترین شت لە کەمەگەکانی ئەمەدا حزبایەتیکردنە؛ چونکە تەزر جار بە ڕاستی دەڵێی درۆ و بە درۆش دەڵێی ڕاستی (بە تایبەتیش

لەناو حزبە دەسەڵاتدارە تەقلیدییەکاندا).
ئیلتیزامی حزبایەتی وا دەکا، کە تۆ (چ لەبەر خۆشەویستی سەرکەکەت بێ، یان لەبەر بەرژەوەندی حزب و بەرژەوەندی تایبەتی خۆت بێ) هەڵە و تاوانی خۆت (حزبەکەت، سەرکردەکەت، خودی خۆت) نەبینی و حاشای لێ بکەی و پاساو و بیانووی بۆ بهێنیتەوە و هەوڵ دەی وەک ڕاستی و مافی ڕەها نیشانی خەڵکی بدەی، کەچی کەس و لایەنی ڕاست و مافخوراو بە هەڵە و ناحەق وەسف بکەی و هێرشی بێ بنەما و ناڕەوایان بکەیتە سەر و ڕاستی ئەوان بکەیتە درۆ و درۆکانی خۆشت بکەیتە ڕاستی.

حزبایەتی لەم حاڵەتەدا ڕک و کینەیە، نەک سیاسەتکردن؛ ڕک و کینەیەک هەموو شتێک ناشیرین دەکا و هەنگاو بەرەو دیکتاتۆرایەتی هەڵدەنێ. من پێشتریش زۆر جار گوتوومە، هەمیشە (قاعیدە) ی حزب ڕێی سەرەکی دەبینێ لە بە دیکتاتۆریکردنی سەرکردایەتی هەر حزبێک و هەر سیستم و دەسەڵاتێک. ئەو جەماوەرەی هۆشیاریە حزبییە کوشندەکەی پاساوان (بە هەر ناوێک بێ) بۆ تاوانی حزبەکەی (لە ناعەدالەتی و لە ستەم و لە تیرۆرکردن) دەهێنێتەوە، ئەوە ئەم جەماوەرە بە خۆشحاڵییەوە ئیجازەی بە پرسەی تاوانکاریی حزبەکەی داوە و خۆشحاڵە، کە نەیارەکانی حزبەکەی بکوژرێن و تیرۆر بکرێن و لەناو ببردرێن. ئەم ڕک و کینەیە جەوهەری فەلسەفەی فاشیاتی (فاشیزم) پێک دەهێنێ.

ڕاستە سەرکردەی کاریزمای دیکتاتۆر هەمیشە جەماوەرەکەی لەسەر ملکەچی و خۆشەویستی ڕەها بۆ کەسایەتی خۆی و بۆ حزبەکەی ڕادێنێ و پەروەردە دەکا، بەڵام سەرکردە هەمیشە بۆ ئیرادەیی و خۆشەویستییەکی کۆرانە (هەر لە سەرەتاوە) لە جەماوەرەکەی دەبینێ و بەدی دەکا؛ بەیە ئەویش (لە ڕگەی دەزگا حزبییەکانییەوە) ئیش لەسەر قووڵترکردنەوەی ئەم بۆ ئیرادەییە و ئەم خۆشەویستییە ڕەهایە کۆرانەیە دەکا.
دەبێ لەبیر نەکەین، هەموو دیکتاتۆرایەتییەک بەهای (سیفەتی) پیرۆزیی و پرسەی دەروونیی پیرۆزکردنی لە پشتەوەیە. هەموومان لەم ڕۆژانە گومان لە بیارە سەیر و سەمەرە (لە جەوهەردا ئایینییەکەی) سەرکە دیکتاتۆرە ڕەهاکەی کۆریای باکوور بوو، کە ئاهەنگی جەژنی سەری ساڵی قەدەغە کرد و داوای پەرستنی داپیری خۆی کرد (ئەمە لە ئیمپراتۆرە کۆنەکان دەچێ، کە داوایان لە خەڵک دەکرد بیانپەرستن). لەم نموونەیەدا حاڵەتی پیرۆزکردن دەگاتە چڕپەی خۆی. ئایا لە پشت هەموو پیرۆزکردنێکەوە ترساندن و تۆقاندنیش نییە؟ هەموو کەسێک دەبێ لە سەرکردەی دیکتاتۆر بتۆقێ. لێرە

خۆشەویستی و تۆقاندن تۆکەڵی یەکدی دەبن، بەڵام لە ئاکامدا تۆقاندن بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبێ. بە نموونە: لە ئەڵمانیای هیتلەر و لە ڕووسیای ستالین و لە عێراقی سەددام و لە کۆریای باکووری (کیم جۆنگ ئۆن) و باب و باپیرانی، ئەم ترس و تۆقاندنە پیرۆزە ڕەهایە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ بووە و زاڵە.

پێچەوانەی ئەم نموونانە لە جیهانی هاوچەرخدا ماندێللا و کۆمەڵگەی ئەفەریکای باشوورە. ماندێللای مرۆڤدۆست و دیموکراسیخواز، نەك هەر نەبووە ڕەمزێکی پیرۆزی دیکتاتۆر، بەڵکو هەموو بتەکانی پیرۆزایەتی سیستمی ڕەگەزپەرستیی (ئەپارتایدی) ئەوسای ئەفەریکای باشووری تۆك شکاند و ئەو بووە هۆمای خۆشەویستی و دیموکراسی و بەهای لێبووردەیی و دۆنیایی لەم کۆمەڵگە شەڕاوی و پڕ لە ستەم و دواکەوتووە. پێدەچوو، نە جەماوەرەکەی ماندێللا ویستیان وەك خوا بیپەرستن، نە ئەویش هەرگیز بۆای بە پیرۆزکردن و بە پیرۆزکردنی خۆی هەبوو. لەمەوە ئەو مۆژوویەکی نوێی لە لێبووردەیی و ئاشتی و پێکەوە ژیان بێ کۆمەڵگەیەکی ڕەگەزپەرست بەدی هێنا و بووە هۆمای خۆشەویستی و ئازادی هەموو جیهان.
ماندێللا هەموو خەڵك خۆشیان دەوێ، بەڵام دیکتاتۆران هەموو خەڵك لێیان دەترسن. ئا ئەمەیە جیاوازی جەوهەری و سەرەکی نێوان سەرکردەی کاریزمای دیموکراسیخواز و سەرکردەی کاریزمای دیکتاتۆر.

جیهانیبوونی ئەدەبی کوردی … د.فوئاد ڕەشید

لەنێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا، زیاتریش لەمیانی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکاندا و لەڕێگای پرسیارکردن لە نووسەرو ڕۆشنبیرانی کوردەوە، زۆرجار قسە لەچۆنێتی و چەندایەتی جیهانیبوون و نەبوونی ئەدەبی کوردی کراوە و دەکرێت و ئەم جۆرە پرسیارانە دەوروژێنرێت:
ـ ئایا شیعری کوردی یا چیرۆکی کوردی گەیشتۆتە ئاستی ئەدەبی جیهانی؟
ـ ئایا دەقی کوردی بۆچی نەیتوانیوە (بەپێی پێویست) سنووری نەتەوایەتیی خۆی بپەڕێنێت و جێگایەك بۆخۆی لەنێو خوێنەرانی

میللەتانی دیکەدا بکاتەوە؟
ـ ئەدەبی کوردی بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهاندا لەچی ئاستێکدایە؟
ئەم پرسیارانەو هاوشێوەکانی بەدەربڕین و لەوانینی جیاوازەوە وەڵامدراونەتەوە و زۆرجاریش وەڵامەکان بەشێوەیەکی نێگەتیڤیانە بووە، بەتایبەتی کاتێك تایبەتمەندێتی ژین و ژینگەی نووسەری کورد لەلایەك و تایبەتمەندێتی ئەزموونی ئەدەبیی دەقی کوردی لەلایەکی دی، ڕەچاو ناکرێت و بەچاوێکی کەم تەماشای دەقی خەماڵی دەکرێت و چەند تێکستێکی بیانی دەکرێتە نموونەی باڵاو پێوەری هەڵسەنگاندن.
ئێمە لێرەدا بەنیازنین ئەم وەڵامە جیاوازانە پڵڕۆن بکەین و هەڵیانبسەنگێنین، بەڵکو دەمانەوێت جەخت لەوە بکەینەوە، کە بەر لەوەی ئەدەبی کوردی لەبەرامبەر ئەدەبی جیهانی ڕابگرین و پرسیار لەچۆنێتی و چەندایەتی جیهانیبوون و نەبوونی بکەین، پێویستە بزانین مەبەست و ماناکانی چەمك و زاراوەکانی (ئەدەبی جیهانی) و (ئاستی جیهان) و (جیهانیبوون، عالەمییەت) چین؟ زانینی ئەم زاراوانە بەگرنگ دەزانین، چونکە لەلایەك ئەم چەمك و زاراوانە بەماناو مەبەستی جیاواز بەکارهێنراون و لەلایەکی دیکەشەوە دیاریکردنی وردو بابەتیانەی هەر چەمك و زاراوەیەك کاریگەریی خێی دەبێت لەچۆنێتی وەڵامی هەر پرسیارێك لەو پرسیارانەی ئاماژەمان پێدا.

*** ئەدەبی جیهانی:**

لەژێدەرو سەرچاوەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا، بەچەند مەبەستێکی جیا قسە لەسەر چەمکی (ئەدەبی جیهانی) کراوە:
+ شاعیر و فەیلەسوفی ئەڵمانی (گۆتە 1749 – 1832) زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) بەو مانایە بەکارهێناوە کە ڕۆژێك لەڕۆژان ئەدەبە جیاوازەکانی هەموو جیهان ـ لەووی هونەریی و بەهای مرۆڤایەتییەوە ـ ببنە یەك ئەدەب. بەو مانایەی جیاوازی زمانی لێ بترازێت، ئیدی لەهەموو شتێکدا هاوشێوەبن و هەموو میللەتانی دونیاش بەشداری لەداهێنانی بکەن(1).
دیارە بەدیهاتنی ئەدەبێکی لەم شێوەیە ـ هەر وەك (گۆتە) خۆشی ئاماژەی پێداوە کارێکی دژوارو ئەستەمە، چونکە هەر کەمەگەو ژینگەو میللەتێك تاڕادەیەك تایبەتمەندیی خێی هەیە، خودی تێکستی ئەدەبیش بەر لەهەموو شتێك سیماو مۆرکی ناوخێیی بنکەو لانکەی واری خێی هەڵدەگرێت، ئەمە زێدەباری ئەوەی کە هەر نووسەرێکیش شێوازو جیهانبینی خێی هەیە.

+ رێنەی وێك و ئێستن وارین:
هەندێجار زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) بۆ ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە بەکاردێت، کە وەکو شاکارێکی ئەدەبی لە ئاستێکی جیهانیدا ناسراوە و ناوبانگی دەرکردووە. (رێنیێ وێك) و (ئێستن وارین) پێیانوایە زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) پتر ئەم مەبەستە دەگرێتەوە و لەمیانەشدا ئاماژە بە بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی وەك (دانتی و شکسپیر و گۆتێ) دەکەن، هەبەتە لێرەدا ئاماژە بەوەش دەکرێت کە ئەمجۆرە بەرهەمانە لەخۆاو هەڵەمەکییانە بەو پلەو پایەیە نەگەیشتوون، بەکو بەهای ئیستاتیکی و رەهەندە مرۆییەکانی ناوەکەکانیان رێگایان بۆ شاکاربوونیان خۆشکردووە(2).

+ ئەلەسکەندەر دیما:

(ئەلەسکەندەر دیما) لەکتێبەکەی خۆیدا (شەنگستەکانی زانستی ئەدەبی بەراوردکاری) بەچەند شێوەیەك قسەی لەسەر چەمکی (ئەدەبی جیهانی) کردووە.
جارێك ئاماژە بەوە دەکات کە چەمکی (ئەدەبی جیهانی) تەنها ئەدەبیاتی میللەتە مەزن و پێشکەوتووەکان ناگرێتەوە، بەکو بەرهەمی ئەدەبی نەتەوە بچووکەکانیش دەگرێتەوە. جارێکیش ئاماژە بەجیاوازیی و هاوبەشی چەمکی (ئەدەبی جیهانی) لەگەڵا (زانستی ئەدەبی بەراوردکاری) دەکات و جارێکی دیکەش ئەدگارەکانی (ئەدەبی جیهانی) دیاریدەکات و لەمیانەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەدەبی جیهانی ئەو بەرهەمانەی لەخۆ گرتووە کە ئاراستەیەکی فیکریی باڵاو رەخنەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییان تێدایە(3).
هەر لەم چوارچێوەیەدا (دیما) ئاماژە بەوە دەکات کە باڵایی ئەدەبی جیهانی لەسەر بەهای هونەریی رەگەزە پێکهێنەرەکانی رادەوەستێت(4).
دەکرێت کۆی بیروبۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە چەمکی (ئەدەبی جیهانی) لەسێ ئاراستەدا کورت بکرێتەوە(5):
1ـ ئاماژەیەك چەمکی (ئەدەبی جیهانی) بۆ تێکڕا ئەدەبیانی میللەتانی سەر ڕووی.
زەوی بەکاردەهێنێت، بەم پێیەش ئەدەبی هەر نەتەوەیەك بەشێکە لەمۆزووی ئەدەبی جیهانی.
2ـ هەندێکجار چەمکی (ئەدەبی جیهانی) بۆ چەند بەرهەمێکی ئەدەبی بەهێزی هەبژاردەی نێو ئەدەبیاتی جیا جیا بەکاردەهێنرێت.
3ـ هەندێکجاریش (ئەدەبی جیهانی بەو مانایە بەکاردێت کە کۆمەڵك بەرهەمی ئەدەبی دەگرێتەوە کە لەچەند ڕوویەکەوە هاوبەشن و پێکەوە گرێدراون و نموونەی ئەمجۆرە بەرهەمانەش لەئەدەبی نەتەوایەتی

میللەتاندا بەرچاوەکەوێت.

*** (جیهانیبوون = عالەمییەت)ی ئەدەب**:**

لەسەرچاوەکانی ئەدەبی بەراوردکاریدا، چەمکی (جیهانیبوونی ئەدەب) پتر بەدوو مانا بەکارهێنراوە:
1ـ بەو مانایەی کە ئەدەبێك لەدەرەوەی سنووری نەتەوایەتی خۆی کەمەڵك شوازو بەهای هونەریی و نوێ بهێنێتە نێو خۆیەوە، بەمەبەستی پتر دەوڵەمەندکردن گەشەپێدانی ئەدەبی نەتەوایەتی(6). لێرەدا مەرکەکی جیهانی بەئەدەبی نەتەوایەتی دەبەخشرێت لەرێگای کاریگەربوون بەفۆرم و بابەتی میللەتانی دیکەوە.

2ـ جیهانیبوونی ئەدەب: بەو مانایەش بەکاردێت کە دەقێکی ئەدەبی، لەبەر بەپێزی و بەهێزیی لایەنە جیاوازەکانی، سنووری ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی بپەڕێنێت و خۆی بگەیەنێتە بەر دیدەی خوێنەرانی میللەتانی دیکە(7).
هەبەتە ئەم سنوور تێپەڕاندنە، چەند هەکارێك رێگای بۆ خۆشدەکات، هەندێکی دیکەش ئاستەنگی بۆ دروست دەکات:
(ئەلەکسەندەر دیما) ئاماژە بەوە دەکات کە ناوەرۆکێکی سەرنجڕاکێشی بەپێزو زمان و شێوازێکی سروش ئامێزو نوێکارییەکی هونەرییانەی بەهێز(8)، ئەمانە زەمینەسازیی دەکەن بۆ ئەوەی دەقێکی ئەدەبی بەناو وڵاتانی جیهاندا بڕاوبێتەوە.
هەرچی رەخنەگرو توێژەری هەنگاریی (لاسلۆکاردێش)ە لەدەرەوەی خودی دەقی ئەدەبییەوە ئاماژە بەچەند هەکارێك دەکات کە رۆلێکی کاریگەر دەبینن لەرێگادان و نەدان بەجیهانیبوونی دەق، ئەم هەکارانەش وەك (بوون و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی و رێکا و کاریگەریی دەزگاکانی راگەیاندن و بەهێزی و لاوازیی بزاڤی وەرگێڕان و کەم و زۆریی ژمارەی دانیشتوانی وڵات و رادەی بەربڵاویی زمانی دەق)(9).

*** ئەدەبی کوردی و جیهانیبوون:**

ئاشکرایە ئەدەبی کوردی لەووی ناوبانگی و ناسراوی و بەربڵاوییەوە، لە ئاستێکی جیهانیدا ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نییە، بۆچی؟
ئایا لەبەر نزمی ئاستی هونەری و بابەتییانەی دەقی کوردییە، یان بەر لەم هەکارە، چەند هەکارێکی دەرەکی دی ـ لەدەرەوەی دەقەوە ـ لەپشتەوەی ئەم کێشەوەیەن؟
بۆگومان ئەدەبی کوردی خاڵی نییە لە شاکارو بەرهەمی جوان و

سەرنجراکێش و داهێنەرانە، ئەوانەی سەرنجی شیعری کلاسیکی کوردییان داوە، درکیان بەهەبوونی دەقی جوان و شاعیری داهێنەر کردووە، بێ نموونە لەمیانەیەدا (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: (مینێسکی بەچاوێکی بەرز تەماشای ئەدەبی کوردی دەکات، بەڕاستی دەگاتە هەندێ تێبینی، ئەویش ئەوەیە نەبوونی لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی بێتە هۆی ئەوەی نرخی تەواوی دیاری نەکرێت، هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی دەوری ئەدەبی کوردی لە ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتی ناوەراست روون نەبێت..)(10).
کەواتە ئەدەبی کوردی بەپێی پێویست و وەکو ئەوەی کە هەیە لە ئاستێکی جیهانیدا نییە و میللەتانی دی ـ بەرادەیەکی زۆر ـ پێی ئاشنانین. هۆکارەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە دەقێکی جوانمان نییە کە لەتوانایدا بێت ببێتە جێگای سەرنجی خوێنەرانی میللەتێکی دی، نەخێر، بەڵکو چەند هۆکارێکی دیارەکی ـ لەدیارەوەی دەقەوە ـ بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم بڵاوبوونەوەی دەقی کوردی و ناسینی وەکو شاکارێکی ئەدەبی لە ئاستێکی جیهانیدا.

(مینێسکی)یش دەرکی بەم مەسەلەیە کردووە، بۆیە لە باسکردنی پایەی ئەدەبی
کوردیدا، بە ئاماژەیەکی کوورت دەڵێت (هۆی دەرنەکەوتنی نرخی راستەقینەی ئەوەیە کە بەرهەمی لەژێر دەستدا نییە، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی تەواویش لەزمانی کوردیدا نەکراوە(11)).
کەواتە ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە دژوارەی کە میللەتی کوردی تێدا ژیاوە، لەچەندین لاوە کاریگەرییەکی خراپی کردووەتە سەر دەرکەوتنی ئەدەبی کوردی، چونکە لەناوچوون و فەوتانی بەرهەم، نەبوونی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی لەکات و ساتی خۆیدا، هەموو ئەمانە پێوەندن بەنەبوونی دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆوە.

ئەگەر بۆ نموونە قسە لەسەر هۆکاری (زمان) بکەین، دەبینین شارەزایان لەچەند رووبەکەوە ئاماژەیان بەگرنگیی (زمان) کردووە.
ئەوەتا (مینێسکی) نەبوونی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل لەسەر زمانی کوردی، بەهۆکاری دەرنەکەوتنی پایەی راستەقینەی ئەدەبی کوردی دادەنێت.
(لاسلوکاردوش) رادەی بەربڵاوی هەر زمانێك بەهۆکارێکی گرنگ دەزانێت لەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەر بەو زمانە، وەکو ئەدەبێکی جیهانیی لەقەڵەم بدرێن و خۆیان بەجیهان بناسێنن(12).
نالەباریی باری سیاسی میللەتی کورد، نەك هەر رۆگای لەبەردەم

بۆاوبوونەوەی زمانی کوردی گرتووە، بەکو لەچەندین لایەنەوە کێشەی بۆ خوڵقاندووە، وەك نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو، نەبوونی رێنووسێکی یەکگرتوو، لەمەش زیاتر زمانی کوردی لەچوارچێوەیەکی وادا سنووربەند کردووە، تا ئەو رادەیەی بەلای هەندێکەوە بەیەکجار لەو زمانانە دابنرێت کە لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوون***.
جا ئەگەر شارەزایانی بواری ئەدەبی بەراوردکاریی ئاماژە بەگرنگی بەربۆاوی زمان و کاریگەریی پێگەی نێودەوڵەتیی هەر وۆاتێك بکەن، لەوەی کە ئەدەبەکەی سنووری ئەدەبی نەتەوایەتی خێی ببەزێنێت و بەناو وۆاتانی جیهانیدا بۆاوبێتەوە و خوێنەرانی میللەتانی دی پتر ئاشنای بن، ئەوا سەیر و سەمەرە نییەو شتێکی چاوەڕوانکراویشە کە ئەدەبی کوردی لەم جیهانیبوونە، بێبەش بێت.

کەواتە دژواریی باری سیاسی و رۆشنبیریی کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردووەتەسەر پرۆسەی (عالەمییەتی) ئەدەبی کوردی، ئەم قسەیەشمان مانای ئەوە نییە کە تێکۆای دەقەکانی ئەدەبی کوردی شاکارو چەپڕەی داهێنانن و سیاسەت و مۆژوو غەدری لێکردوون، نەخێر، بەڵام هێندە هەیە ئەدەبەکەمان چ کۆنی و چ نوێیەکەی، دەقی وای تێدایە رووی مەجلیسی ئەدەبی میللەتانی دیکەی هەبێت، بەڵام دەلیڤەی ئامادەبوونی نێودەوڵەتیی بۆ نەڕەخساوە.
لەسەرێکی دیکەشەوە، راست نییە لەسەنگەی گرێی هەست بەکەمییکردن و پەرستنی رۆژئاواوە، هەرچی ئەدەبیاتی خۆمانە بە (ساکار) و هەموو بەرهەمی ئەوانیش بە (شاکار) بزانین، چونکە لەراستیدا بەرهەمەکانی رۆژئاواش هەموویان بەو شێوەیە نین.
پوختەی قسەکان ئەوەیە، ئەگەر مەبەستمان لەجیهانیبوون، ناسراوی و ناوبانگیی نێودەوڵەتی بێت، ئەوا دیارە ئەدەبی کوردی نەگەیشتووەتە ئەم پلەو پایەیە، بەڵام ئەگەر مەبەست لە (جیهانیبوون) ئەو بنەماو ئەدگارە ئیستاتیکی و بەها مرۆییانەی دەق بێت، کە مۆرکێکی مرۆڤایەتییانەی بەرفراوانی هەیەو هەر ئەم خاسیەت و تایبەتمەندییانەش ـ گەر دەرفەت هەبێت ـ رێگا بۆ بۆاوبوونەوەی لە ئاستێکی جیهانیدا خۆش دەکەن، ئەوا بەم مانایە ئەدەبەکەمان چ کلاسیك و چ نوێ و چ هاوچەرخەکەی دەقی وای تێدایە، ئەم تایبەتمەندییانەی لەخۆ گرتبێت.

_____

پەراوێزەکان:

* بیرۆکەی ئەم نووسینەو ناونیشانەکەشی لە پرسیارێکی (د. مارف خەزنەدار)ەو سەرچاوەی گرتووە، پرسیارەکەشی لەمیانی ئەزموونی

کۆتایی کۆرسی دووەمی خوێندنی دکتۆرا (2000 – 2001) بوو، لەبابەتی (ئەدەبی بیانی)دا.
1ـ اوستن وارین، رینیه ویلك، نظریه الادب، ت: محی الدین صبحی، ص60.
جێی ئاماژەیە زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) زاراوەیەکە لەلایەن (گۆتە)وە داڕژراوە.
2ـ د. جمیل نصیف التکریتی، د. داود سلوم، الادب المقارن، ص 26 – 27.
3ـ الکساندر دیما، مابدئ علم الادب المقارن، ت د. محمد یونس، ص 17 – 21.
4ـ هەمان سەرچاوە، ل 19.
5ـ د. جمیل نصیف، سەرچاوەی پێشوو، ل 23.
**ـ ئەم چەمکە جیاوازە لەچەمکی جیهانگەرایی ئەدەبی (العولمه الادبیه) کە ئەمەیان زیاتر نزیکە لە چەمکی ئەدەبی جیهانی بە بڕوونەکەی گۆتە.
6ـ د. محمد غنیمی هلال، دور الادب المقارن، ص 27.
7ـ هەمان سەرچاوە، ص 28.
8ـ د. جمیل نصیف، سەرچاوەی پێشوو، ل 23.
9ـ لاسلوکاردوش، الادب العلمی مفهومه وقچایاه، ت: جودت بلال اسماعیل، مجله (الادب المعاصر)، العدد (22 – 23) 1977، ص 7 – 9.
10ـ د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، ل 102.
11ـ هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.
12ـ لاسلۆکاردوش، سەرچاوەی پێشوو، ل 11.
**ـ ئەوەتا لەسەردەمی بیست و یەکدا (سەنتەری لۆکالینەوەی ئیتنیکی جۆراوجۆر) لەچوارچێوەی (زنجیرەی ئەو زمان و کلتوورانەی مەترسی لەناوچوونیان هەیە) کتێبێکی لەسەر شیعری کوردی بڵاوکردۆتەوە، بڕوانە: گۆڤاری (ئایندە)، ژ (68)، 2006، ل 209.

مارا ساد لێ نێوان خوێندنێو و

نمایشدا … بەشی چوارەم … ڕزگار حەمە ڕەشید

٤-٤

(نمایشی مارا ساد بەرهەمی کۆی شانۆی با، بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی؛ نوسینی پیتەر ڤایس، وەرگێڕانی شێرزاد حەسەن، دەرهێنانی هیوا فایەق، لە ٦/١١/٢٠١٦ و ڕۆژانی دواتر لە هۆڵی ڕەشنبیری سلێمانی نمایشکرا.)

بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە بە فۆرماتی پیدی ئێف کلیکی ئێرە بکەن ….

بەشەکانی تر:

بەشی یەکەم ….

بەشی دووەم ….

بەشی سێیەم ….

لە مەحەمەدی بەواوە بۆ مەحەمەدی مەژوو لە نووسینی- العفیف الاخضر ناساندنی کتێب – تاهیر ڕەحیم

خوێندنەوەکردن بە کتێب گرنگیو کاریگەری هەیە لە سەر خوێنەر، بەتایبەتی خوێندنەوە بە هەندێك لە کتێبە قەدەغەکراوەکان هەمیشە توانیویەتی ببێتە سەرچێشنی گەلانو تێفکرینی زیاتری مرۆڤایەتی بە مژووی خودی مرۆڤ و پرسەی ژیان. ئەم کتێبەش بەجۆرێك لە جۆرەکان هەوڵی داوە دەست بەرێت بە قەدەغەکراوەکانو راستیەکان لە

گۆشەنیگای زانستیو لە ژێر تیشکی زانستی سەردەمو بەراوردکردنی لەگەڵ سەردەمە کۆنەکان هەڵسەنگێنێت. بەیە پاش خوێندنەوەی بە شیاوم زانی بەو رادەیەی پێم دەکرێت خوێنەری کوردیشی لێبەبەش نەکەم. باسکراوەکان لەم کتێبەدا لەگەڵ خوێندنەوە جەراوجەرەکان لە محەمەدو مژووەکەی لەلایەن لایەنگرانی، ناتەبایی زۆری تێدایەو وەك باسم کرد زانستو کەڵك وەگرتنی نووسەرو پشت بەستن بەتەزە زانستییەکان هاوکاری بووە لە دەبەینی راستقینەو هەروەها راست کردنەوەی دیان هەڵەی مژووی کە بەداخەوە ئێستاکە بە زەر کەس پیرزییەتی هەیە.

بەشی یەکەم

ئەم کتێبە ژیانی محەمەد و ئایینەکەی لە دونیای میتۆلۆجیەو دەگوازێتەوە بە ناو کایەی مژوو. مژوویەك کە رووداوەکانی چەن لە دوایدا کاریگەری لەسەر کەمەگای عەرەب و دونیایی ئیسلام دانا.
ئایەتەکانی قورئان پێوەندیەکی قویان بە رووداوەکانی ژیانی محەمەد هەیە، تەنانەت بەشکیان پێوەندی بە ژیانی منالی، هەشتاکە لە سکی دایکیدا بووە باوکی مردووە، وەك منالیەك سەرخەرە ناوزەدکراوە. بەعەرەبی پێی دەڵێن: (احرف) لە کەمەگای دەشتەکی یان راستر بڵێین، کەمەگای باوکسالاری منالی سەرخەرە خۆشویست نەبووە. هەروەها پیاوەك کوێی نەبەت لە کەمەگای دەشتەکی جەگای شەرمەزاریی بووە، گەر خاوەنی چەندەها کچیش بەت هەر پێ دەڵێن وجاخکوێر! مەحەمەدش کوێی نەبووە! ئەمەش بە گومان کاریگەری لەسەر باری دەروونی هەبووەو لە ئایەتەکاندا رەنگیداوەتەوە.

خاڵەکی گرنگی تری ئەم کتێبە لەکدانەوەی بەشیکی ئایەتەکانە لە رووی دەروونناسیەوە. محەمەد هەرچەندە سەر بە بنەماڵەیەکی ئەرستوکرات بووە، بەڵام وەك وترا بەهەی ئەوەی سەرخەرە بووە لەسکی دایکی بووە باوکی مردووەو هەر لە تەمەنی منداڵیشیدا دایکی مردووە. لەم ماڵ وئەوماڵ بەخۆکراوەو ئەوەش کاریگەریی لەسەر باری دەروونی هەبووە. وەك بخاری باسیدەکات محەمەد چەندجارەك هەوڵی داوە خێی بکوژێت.

ئایەتە تووندوتیژەکان وەك سەربڕین و قاچبڕین، ملپەڕاندن، گوبڕین و چاو و دان هەڵکەندن تاوکوو نزاو جوڵەکان، پێوەندی بەو بارە دەروونیوە هەیە کە محەمەد تێیدا ژیاوە.
لە سیرە ابن هاشم ل 246 باسی ئەوە دەکات : لەشەی حەنین ژنەك بەناوی شەیما وەك جەنگاوەرەك بەرگری لە هەزەکەی دەکرد، لەلایەن

شەکرەکانی محەمەد بە دیل دەگیرێت دەڵێ : من خوشکی پێغەمبەرم بە شیری. دەیبەن بۆ لای محەمەد، ئەویش دەڵێت بۆچ هەکارەك ونیشانیەك دەنیابم تەخوشکی منی ؟ شێیما پشتی پیشان دەدات دەڵێت لە بیرتە بە منالی بەتوونەدی گازت لە پشتمگرت؟ ئیتر محەمەد بە نیشانەی گازکردنەکە دەکەوێتە بیری کە شێیما خوشکی شیری بوو لە ماڵیك پێکەوە بەخۆوکراونو بەم بنەوە ئازادی دەکات.
بەم گۆڕانەوانە رووون دەبێتەوە کە محەمەد بەهەی ئەوەی هەر لە منداڵیەوە خاوەن دایکو باوك نەبووە، وەك منالیکی هەتیوو لەماڵان گەورە بووە، هەروەها خودی محەمەد پاش هەنانی 18 ژن کۆی نەبووە، تەنیا کوڕێك نەبێت کە ئەویش لە ژنەکانی نەبوو، بەکوو لەماریەی قوتبی کە کچێلەی بوو، ئەو منالبوونەش دوایی بووە جێگای گومان ! محەمەد ویستی ماپوری ئامزای (ماریە قوتبی) بکوژێت ، پاشان ئاشکرابوو ماپور لەو کچیلانە بووە کە خەنراوەو توانایی سیکسکردنی نییە. بەم جۆرە ئیتر واز لە ماپور دەهێنیت.

بەراوردکردنی قورئان لەگەڵ زانست

خوێنەر لە خاڵی کۆتایی ئەم کتێبدا بەراوردکردنەك لەنێوان قورئانو زانستدا دەخوێنێتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی نووسەر باوەڕی وایە: قورئان نەستی محەمەدە، کە بە کەمەڵەك گرژی دەروونی و چەپاندن داپشراوە.
بەشێکی تری ئەم کتێبە باس لە چۆنیەتی کاریگەری کەسکان وەك وەرقەی کۆی نوفل لە شاری مەکە و سلمان فارسی لە شاری مەدینە دەکات و تێیدا بە چڕنەك وەیکچوونەکی زۆر لە نێوان قورئان و تەورات ، قورئان و ئاڤێستادا پیشان ئەداتو هەروەها هەندەك کاریگەری شاعیرەکان تەنانەت خەلیفەکان وەك ئەبوبەکرو عومەر لە ئایەتەکاندا ڕەنگ ئەداتەوەو دەبینرێت.

لە کاتی خوێندنی ئایەتەکدا هەندەك جار ئامادەبووان کاریگەریان لەسەر ئایەتەکان هەبووە وەك سیوطی لە کتابی (الدر المنثور فی تفسیر الماثور) باس لە سورەتی ژن/ نساء دەکات کە دەڵێت ئەوانەی کە دانیشتوون نارەن بۆ جیهاد. کوڕەك بەناوی ابن مکتوم دەڵێت ئەی پێغە مبەری خوا منیش؟ ئیتر ئایەتەکە دە ست بە جێ لە وەدا گۆڕانی بەسەردا دێت!! و دەڵێت بەجگە لەوانەی شەل وکوێرن(بەوانە تەفسیری تەبری ل 175 بۆ سورەتی فتح ئایەتی 17)
هەندەك جار بەکە کاریگەریان لە دابەزین! یان گۆڕینی ئایەتەکان هەبووە، وەك سورەتی ئەنفال ئایەتی 66.65 کە سەرەتا دەڵێت: هەر یەکەك لە ئەو توانای شەڕکردنی بەرامبەر دە کەسی هەیە. بەڵام

جەنگاوەرەکانی محەمەد وتیان چۆن دەتوانین هەریەك لە ئەمە بەرامبەر دەکەس بگرێت. ئینجا لە ئایەتی 66دا دەڵێت: کە خوا زانی ئەوە لاوازن توانای هەریەکەك لە ئەوە بەرامبەر دووکەسە!
زۆربەی ئایەتەکان لەیەکدەچن و یان دووبارە بووەتەوە، تەنیا لە سورەتی مرسلات ویل للمکذبین 10 جار دووبارەیە یان ئایەتی فبأي آلاء ربکما تکذبان لە سورەتی رحمن 31 دووبارە بووەتەوە. سیوطی لە کتێبی الاتقان فی علوم القران لە 6236 ئایەت تەنیا 400 ئایەتی هەشتووەتەوە کە لەیەک ناچێت، کە بە ئایاتی مەحکەم ناسراون. بە م جۆرە دەتوانرێت لاپەرەکانی قورئان کەم بکەینەوە.
زکی امین نووسەری کتێبی رزقی تحت ضلال رمحی دەڵێت: قورئان تەکنیکی و پەکخەرترین کتێبە ، چوونکە ئایەتەکان بەپێی ناوی سورەتەکان ڕێکنەخراوە وەک سورەتی یونس باسی زەر شتی تێدایە، بەڵام باسی یونس ناکات و ناوی ناهێنێت بەڵام لە سورەتەکانی تردا باسی دەکات.
سورەتەکان وئایەتەکان بەپێی شوێن وکات لە قورئاندا ریزنەکراوە، ئایەتی مەکی تێکەڵ بە ئایەتی مەدینە کراوە. لەسورەتێکدا باسی چەند بابەتێك دەکات کە هیچ پەیوەندی بەیەکتر نییە یان لە ئایەتێك باسی دوو شت جیاواز دەکات، یان هەندێك ئایەت لە قورئان هیچ پەیوەندیەکی بە ئەمرۆە نییە وەك سورەتی احزاب 53.

هەندێك لە چیرۆکە ئەفسانیە کانی ناو قورئان وەك مریم هیچ پەندێکی بە مرۆڤ تێدا نییە، بەڵام کتێبێکی وەك کلیلەو دمنەی هندی لەگەڵ گێڕانەوەی هەر کورتە چیرۆکێکدا دەیان پەندو ئامۆژگاری بە لەفزبوون تێدایە.
نووسەر باس هەندێک هەڵەی مێژووی دەکات لە قورئان کە لە مێژوونووس مونتغمری واط(1909_ 2006) کە بیوگرافی محەمەدی نووسیوە وەریگرتووە: لە قورئان شەش جار باسی (هامان) دەکات وەک وەزیری فرعون، بەڵام لەراستیدا هامان کەسایەتییەکی فارس بوو، لەلای خسرو کە پێنج چەرخ پ.ز وزیر بووە. بەڵام چیرۆکی فرعون و موسا پێش 15 چەرخ پ.ز بووە . لە قورئان دەڵێت مریم خوشکی هارنە، بەڵام هارن پێش مریم کە کەسایەتییە کی ڕەمزییە 1500 ساڵ پێش چیرۆکی مریەم بووە بەپێی گێڕانەوەی تەورات.
هەکاری ئەم هەڵانەش ئەوە یە محەمەد ئەم چیرۆکانەی بیستووە، نەک خوێندبێتیەوە. گێڕانەوەی چیرۆک لەیەکەک بە یەکەکی تر زەر گێڕانی بەسەردێت هەروەک حەدیسکانی بخاری 600 هەزار حەدیس! کەخودی زانا ئیسلامییەکان لەسەر حەدیسکان کەدەنگ نین، چوونکە بخاری زیاتر لە دووسەدساڵ دوای سەرهەڵدانی ئیسلام لەدایک بووە و پاش 105 ساڵ دوای مردنی بخاری حەدیسکان نووسراوە. هەرچەندە بە هەی ئەم حەدیسانەوە

ملیۆنەها موسڵمان یەکتر کافردەکەن وێکتر دەکوژن.

* / نووسەری ئەم کتێبە عفیف اخضر(1934 – 2013) لە تونس لەدایک بووە دەرچووی زانستگای زیتونەی ئایینیە، بە ئەزهەری تونس ناسراوە، دوایی یاسای خوێندووە و ماوەیەکیش لە پاریس ژیاوە و هەرلەوێش مردووە. خاوەنی کەمێک کتێب و وتارو چاوپێکەوتنێ بەیەکێک لە بیرمەندو ڕۆشنفکرەکانی عارەب دادنرێت.

تێبینی: ئەم کتێبە لەکەرکوک دەستدەکەوێت
چاوەروانی بەشی دووەم بن

یوسف عزەدین لەگفتوگۆیەکی گۆڤاری لڤین-دا … سازدانی: وریا باقر

(یوسف عزەدین یەکێکە لە دەنگە جیاوازەکانی ناو دنیای فیکر لە دنیای ڕۆشنبیری کوردیدا. ئەو خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی لەنوسینداو هەر ئەوەشە کە ڕەسەنایەتی پێبەخشیوە. لەم دیدارەدا گۆڤاری لڤین گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵا ئەم نوسەرە ڕەخنەگرەدا دەکات)

لڤین: بە دەبێت هەر لەسەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، جەنگ و کوشت و کوشتار و تۆندوتیژییەکان، گەورەترین پشکی هەبێت لەمێژووی دەسەڵاتە جیاجیاکاندا؟ بەڵای ئەوە وەك ڕوناکبیر و نووسەر، ئایا هیچ دەسەڵاتێکی نەرم و نیان لەمێژوودا دەبیننەوە؟

یوسف عزەدین: ئەگەر سەمەرییەکان وەك شارستانیەتێکی دێرین و سەرنج ڕاکێش لەمێژوودا بکەینە نموونە، دەبینین داهێنەری شێوازە نووسینی "مێخی"بوون و چەندین سەدە لەنێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەکارهاتووەو توانیویانە لەسەر نووسینەوە، گەلێك ڕووداوی ڕیالیستی و هەندێك جاریش بەسەرهاتی سەیر و سەمەرەمان پێ

بگەیەنن.. لای سەمەرییەکان دوو جۆر مەژوو هەبووە، مەژوویەکی پێش تۆفان و مەژوویەکی دوای تۆفان. لای ئەوان خوداوەندی سەرەکییان لەیەکێك لەگەڵکەکان نیشتەجێیەو ناوی گەڵکەکەش نیبرۆ-یەو ئیتر لەوێوە نەوەی خوداوەندەکان بەرەو زەمین چوون و بەپێی بڕوای ئەوان، تەنها ساڵێکی سەر گەڵکی نیبرۆ سێ هەزار و شەش سەد ساڵی سەرزەمین بووەو بە "سار" ناویان بردووە..بەڵای ئەوان تەمەنی مرۆڤی پێش تۆفان گەیشتۆتە هەزار ساڵ و دوای تۆفانیش کورتکراوەتەوە بۆ سەد ساڵ و قسوور.. سەمەرییەکان شارەزاییەکی سەرسوڕهێنەریان هەبووە لەبەکارهێنانی ژمێ و زیوداو بەچەشنێك کەلەئێستاشدا لاسایی کردنەوەی کەلوپەلە ناوازەکانیان ئاستەمە، ئەمە جگە لەزانین و خستنەووی زانیاری سەبارەت بەهەسارە و گەڵك و ئەو ئەستێرانەی بینینیان بەچاو ئاسان نییە.. تاساڵانێکی زۆریش مەژوونووسان پێیان وابوو، سەمەرییەکان ئاشتیخواز و نەرم و نیان بوون و وەك شارستانێتییەکانی تر دڕندەو خوێناویی نەبوون، بەڵام دەزینەوە ئەرکەلۆژییەکانی "جۆن ئەلدەر" پێچەوانەی ئەمەی سەلماند، وەك لەکتێبی "بەردەکان دەدوێت"دا پێیوایە..سەمەرییەکان حەزیان بەزیادەڕەوی بووە لەپێشکەشکردنی مرۆڤ وەك قوربانی، بەتایبەتیش کاتێك پاشاو میرەکانیان دەمردن، لەیەکێك لەگەستانە تایبەتەکانی یەکێك لەپاشاکانیاندا، ئێسك و پرووسکی تیمێکی سەربازی بەجلی فەرمییەوە دەزرایەوە کەلەئامادەباشیدا رمەکانیان بەدەستەوە بوو.. سەرباری دەزینەوەی نێ مەینەی کێشك ، بەتاجە ئاڵتوونییەکانیانەوە و لەزارکی گەستانەکەشدا دوو عەرەبانەی چوار پێچکە دەزرانەوە.. هەر یەکێکیان سێ گوڕەکە رایکێشاون.. جل و بەرگی عەرەبانچی و هاوڕەکانیشی دەزرانەوە.. هەروەها لەگەستانی شاژن "شوباد"یشدا، دوو ریز مەینەی کێشك دەزرانەوە.. دواهەمینیان مەینەیەك بوو ئامڕازێکی میوزیکی لەباوەش گرتبوو، لەگەڵ دوو کەیلەی سوژدەبردووشدا کەلەپاێیاندا نۆزرابوون…

لقین: مەبەستان لەوەیە بڵێن شارستانییەتێکی پێشکەوتووی وەك سەمەرییەکان ئەگەر ئەمە حاڵی بووبێت لەگەڵ دەستان و ئەحباب و هەسووڵاوانی مەملەکەتەکەی و هەر بەزیندوویەتی زیندەبەچاڵی کردبێتن، ئەی دەبێت چی لە دوژمن و نەیارەکانی کردبێت!؟

یوسف عزەدین: ئەگەر گەشتێك بەنێو نەخش و نیگار و وێنەو ریلیف و پەیکەرسازیی شارستانییەتە کۆنەکاندا بکەین.. بەشێکی زۆری ماجەراو بەسەرهاتەکانی ئەو سەردەمەت دێتە پێشچاو.. چۆنیەتی جلوبەرگ و خۆ نمایشکردنیان لەمەراسیمە رەسمییەکانیاندا.. چەشن و چۆنیەتی کوشت

و کوشتاریان، چەشنی زەلیلکردنی ئەسیر و دوژمنەکانیان، هەر لەبەقامچی لدان و ئەشکەنجەدانیان و تەجاوزکردنە سەر مینەکانیشیان.. دەرخستنی چنیەتی راوکردنیان و بەتایبەتیش راوکردنی شر وەك لەهەکینە ئاشوورییەکاندا بەزەقی دەیبینینەوەو بەتایبەتیش کاتك یەکك لەپاشاکانیان تەنها بەدەستکی و بێ ترس دەستی داوەتە بینەقاقای شرك و خەریکی خنکاندنیەتی..لەیەکك لەریلیفەکانی ئاشوورییەکاندا، دیمەنی هرشکی خیان بە سەر قەایەك نەخشاندووەو دەبینین چن دوژمنەکانیان سەردەبن و لەشونکی تریشدا س کوژراویان بەسەرە رم بەرزکردتەوە.. لەریلیفکی تریشیاندا سەربازکی ئاشووری دەبینیت، سەرکی سەربدراوی بەدەستەوەیەو خەریکی فدانییەتی بە سەر کمەك سەری سەربدراوی تری لەعەردا کەووتوو.

لڤین: لرەدا پرسیارك دروست دەبت، چن دەبت هەمان ئەو کوشت و کوشتارە سامناکە، بەتایبەت ملپەاندنی مرق لەهونەردا رەنگ بداتەوە، بەتایبەتیش لەسینەما-دا، چونکە بەشی هەرە گرنگی زربەی کارە هونەرییەکانی سینەما لەنوان و سکس و توندو تیژیدا دت و دەچت و ئەمەش بە سانسرەو رگەپدراوە؟

یوسف عزەدین: ئاشوورییەکان وەك نمونەی شارستانییەتکی درین و هاوشوەی گەلك شارستانییەتی دیکە بەمەبەست ویستویانە، لەی نەخشاندنی کوشت و کوشتارەکانیان، لەیەك کاتدا چ جەنگکی دەروونی لەگە ژر دەستەو نەیارەکانیاندا بکەن و چ مەبەستیان بووە مژووی خیان لەی هەکینەوە ونابکەن.. بەام ئەگەر هەموو ئەم هەکینین و ونە سامناکانەی سەردەمانی پشوو لە رووی قناغی مژوویی و سەردەمەکەیەوە لەئستادا ئاسایی وەربگیرت.. ئەی دەبت چی بین کاتك تەماشای زرك لەکارە هونەرییەکانی هونەرمەندی بەتوانای سەردەمی رنیسانس"کاراڤاجی" دەکەین و دەبینین لەئاستکی هونەری بای نیگارکشاندا، سەربینی مرقی کردتە بابەتی تابلکانی و لەیەکك لەتابلکانیشیدا مینەیەك بەکردەی سەربینەکە هەدەستت!؟

لڤین: کەواتە شیاوە کاری هونەری تۆندوتیژی بکاتە بابەت و بەتایبەتیش لەسینەما-دا؟

یوسف عزەدین: دەبت پرسیار لەوە بکەین، بێ سەرەتاکانی سینەما زیاتر مرق دستانەیەو تادەیەکی زریش مەرگەساتەکانی چینی چەوساوەو کەم دەرامەتانی کردتە بابەت.. رەنگە زرك لەفیلمەکانی

“چارڵی چاپڵن”یش نمونەیەکی زیندووی ئەم جۆرە تەرح و تازە مرۆڤ دەستانەیە بێت، کەهەردەم جیاواز لەوەی بۆتە ئاسایی و سانا ئەو دۆت رووبەڕووی ئیغتیراب و سەرسامی و پرسیارکردنمان دەکاتەوە، تا بزانین ئەوەی لەدنیادا دەگوزەڕێ نائاساییە.. هەوڵەکانی ئەو و هاوشێوەکانی کەتکمەترین نمونەی ئیغتیراب لای “بەرتڕەند برێخت” دەگاتە باڵاترین ئاستی هونەری و تەکنیکی و مەعریفی.. بەڵام مەخابن دواجار هەموو ئەم هەوڵانە بەبەرنامە دەخرێنە پەراوێزەوەو بەبازرگانی کردنی هونەریش ئەولەوییەتی پێدەدرێت.

لڤین: توندوتیژی لە ناخی مرۆڤدا، چۆن و لەکوێدا جێی دەبێتەوە؟

یوسف عزەدین: “جی.ئەیچ.وێلز” پێی وابوو دەتوانرێت رەگەزی مرۆڤ لەڕێی قەناعەت پێکردنەوە، دەستبەرداری خوێن رشتن و کوشت و کوشتار ببێت.. تەنانەت خێشباوەیش بوو بەرانبەر ئەو دەستەیەی پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بەناوی دەستەی گەلان بێ پاراستنی ئاشتی دروست ببوو، پێی وابوو دەتوانێت ئاشتی و ئارامی لەدنیادا بەرقەرار بکات.. بەڵام هێندەی نەبردو لەدەرئەنجامی بینینی کاروکردەوە توندوتیژە یەك لەدوای یەك و بەردەوامەکانی مرۆڤ، لەبیروبۆچوونەکەی پاشگەزبۆوە.. یەکێك لەنمونە زۆر ناشایستەو دزێوەکانی مێژووش، دەندایەتی سوپای ژاپۆنی بوو لەشارێکی چین-یدا.. بۆجگە لەکوشتنی سەرجەم نۆرینەکان.. دەستدرێژی سێکسی کرایە سەر هەزاران مێینە، بەمنداڵ و گەورەوە، تەنانەت مێینە پیرەکانیش لەمە دەربازیان نەبوو، کۆمەڵکیان هەر لەکاتی سێکس کردن لەگەڵیاندا ورگیان هەڵدەداو دەکوژران.. ئەوانەی بەزیندوویەتیش رزگاریان بوو، لەکەشێکی بەکۆمەڵدا بەویستی خۆیان و پێکەوە ئینتیحاریان کرد..

لڤین: کەواتە هیچ شارستانێتییەك بەبێ بەکارهێنانی زەبر و زەنگ، توانای مانەوەی نییە؟

یوسف عزەدین: بۆوانە شانۆنامەی”بۆقەکان”ی “ئەریستۆفانیس” دەبینیت لەسەر زاری پاڵەوانی شانۆنامەکە دەڵێت: (هاوڕێم کاتێك بەسەر دوژمنەکەتدا زاڵ بووێت، بەگوریس بیبەستەوەو پشتی بەقامچی سوورکەرەوەو پارچەیەك ئاسنی داندار بکە بەکۆمیداو ئەگەر لەهۆش خۆشی چوو بەشەراب بەئاگای بهێنەرەوەو پاشان قوومە ئاوێکی بدەرێ.. دێتەوە هۆش خۆی و پێی وایە لەدەستت قورتاری بووە، بەڵام ئەمە وەهمە..دەبێت هەر چوار پەلی بەگوریس ببەستیتەوە، بەچوار ئەسپی سرك و رامنەکراوەوە..سرکە بکەرە چاو و لوت و دەمییەوە.. دواتر

بەخەنجەرێکی تیژ ئەندامی نێرینەی ببڕەو ئینجا ئەسپەکان تاوده.. تا هەریەکەیان بەلایەکدا هەبڕن و لاشەی پارچە پارچە بکەن)..ئەمە تێکستێکی بەناوبانگی شانووسێکی کۆمیدی گریکەو بڕگومان ئەمە بابەتی کات بەسەربردن و رابواردن وپێکەنینی تاکەکانی کۆمەڵگەی گریکی بەناو مەدەنی بووە..پاش گریکەکان ڕۆمانەکانیش داهێنانی زۆر سەیریان لەبواری ئەشکەنجەداندا کرد، تەنانەت "ئێکتافیس" لیژنەیەکی ڕاسپارد تا باس و خواسی سەرجەم ئەشکەنجەدانەکانی کۆن و نوێی میللەتانی بۆ بهێنن، دواتر لیژنەکە باسی فیرعەونیەکانیان بۆ کرد کەلەسەر زینا لوتی ئافرەتیان بۆیوەو پیاویشیان خەساندووە.. باسی حیسییەکانیان بۆ کرد، سەبارەت بەو کەسانەی کەهەنگوینیان دزیوە، چۆن بە زیندوویەتی کەوڵکراون و خراونەتە بەر پوورە هەنگ و وروژانوویانن تا بیانگەزن.. باسی قارتاجییەکانیان بۆ کرد کەچۆن هەردوو لاقی کۆیلەی هەڵهاتوویان بڕیوە.. یان چۆن ئاشووریەکان ڕمیان لەکۆمی دوژمنەکانیان بڕیوەو جولەکەکانیش بەسەرخستنە ژێر ئاوی دوژمنەکانیان، بەکاوەخۆ و بەچەند جارێك خنکاندوویانن. دواجار "ئێکتافیس" بڕیاریدا دەبێت لەمەودوا سەرجەم ئەو ئەشکەنجانە پێکەوە لەسەر نەیارە دەستگیرکراوەکان تاقی بکرێتەوە.. بڕگومان، بەشومار نمونەی دیکەمان هەیە..هەر لەمێژووی کۆنەوە تا ئێستاو..

لقین: وەك دەڵێن جەنگ کاریگەری زۆر وڕانکەر و خراپی لەسەر منداڵان و هەرزەکاران هەیە، بەبەراورد لەگەڵ گەورەکان..ئێوە لەسەرەتاکانی جەنگی "ئێراق-ئێران"-دا و دواتریش تاکێتایی جەنگەکە، چ یادەوەرییەکی لا جێ هێشتوون؟

یوسف عزەدین: لەسەرەتاکانی جەنگەکەدا، ئەوەندەی کەفام و ئەقڵم بەدنیا دەشکا، وەك زاتێکی تەنها و دووڕە پەڕز دەمواتییە هەموو ئەوەی کەوێدەدا، واتە زۆر ئاگام لەقسەو باسی نێو کێ و کۆمەکان نەبوو، سەبارەت بەو جەنگە خوێناوییە.. یان ئەگەر گوێشم لێ ببایە.. پێنەدەچوو باش لێی حاڵی ببام.. وەختایەك بیر لەو دەمانە دەکەمەوە، نازانم بێ زیاتر هەست بەهەور و تەم و بارینی بەردەوامی باران دەکەم، بارانێکی تێکەڵا بەبۆنی ریشۆڵەی رزیوو، بارانێکی ڕەش و نامۆ… بیرمە لەسەرەتاکانی ئەو جەنگە شوومەدا، لەیەکێك لەو ئێوارانەی کەلەقوتابخانە دەگەڕامەوە.. پێم نا بەکەلاکی تێپیووی جرجێکی گەورەی گەنیوودا.. چ قڕەوون و ناخۆش بوو..بەتایبەت کاتێك ناوەخن و هەناوی جرجەکە تاکێکی پڕاوەکانمی سواغدا.. بڕێکی زۆری گۆشت و کلك و هەناوی جرجەکەم لەگەڵ

شەقاوەکانمدا، تامەودایەکی زۆر بردو ماوەیەکی زۆر بەڵواری شڕستەیەك هەوڵی پاککردنەوەی تاکە پیسبووەکەی پێاوەکەم دا…

لقین: کەواتە هیچ ئاسۆیەکی گەشبینانە بۆ نەمانی توندوتیژی لەئارادا نییە؟

یوسف عزەدین: دەرکەی پرسیار و گەڕان بەشوێن هۆکارەکانی سەرجەم ئەو کوشت و کوشتارانەی مرۆڤ پێی هەڵدەستێت، چ بەتەنها و چ بەکۆمەڵا، واڵا و لەسەر پشتە!؟ ئارەزووکردنی توندوتیژی و حەز و خواستی لەناوبردن، هەندێك جار هێندە سەیر و سەمەرەیە، نازانیت چی دەرحەق بڵێیت!.. لەساڵی 1958-دا لەیەکێك لەشەقامەکانی "نیومەکسیکۆ"دا، پیاوێك بەناوی "نۆرمان فۆز" ئۆتۆمبیلەکەی رادەگرێت و تفەنگی راوکردنەکەی دەردەهێنێت و دوو منداڵی مەکسیکی دەکوژێت، لەکاتێکدا لەقەراغ شەقامەکەدا خەریکی گەمە کردن بوون.. کاتێك دادگاییان کردو لێیان پرسی بۆ ئەمەت کرد، گوتی ویستوومە ئاستێك بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان دابنێم..لای خۆشمان ساڵانێك لەمەوپێش مێردمنداڵێك سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی خۆی کوشت، بەخوشکە بچوکەکەشیەوە، کاتێکیش لێی دەپرسن بۆ کوشتت، لەوەڵامدا دەڵێت، بەزەیم پێدا هاتەوەو نەمویست بەتەنها بمێنێتەوە.. لەهەمووشی سەیرتر پاش ئازادبوونی ئەو بکوژە مێردمنداڵە لەزیندان، بەکوشتنی باپیری زنجیرەی کوشتنەکانی تەواو دەکات.. چەند راستە نازانم، بەڕام فرێید پێی وابووە، هەر لەسەرەتاوە کردەی بایۆلۆژی، کاریگەری زۆری لەسەر خوو و رەوشتی مرۆڤ هەبووە، چونکە بەڵای ئەو مرۆڤ لەچاو ئاژەڵە شێردەرە قەبارە گەورەکانی تردا، ماوەیەکی کەمتر لەمنداڵدانی دایکیدا دەمێنێتەوە.. واتە بەناکامی لەووی سایکۆلۆژییەوە لەدایك دەبێت وبەمەش واقیع کاریگەری زۆر توندی لەسەری دەبێت.

لقین: تا چەند سەرچاوە مۆژوویەکان، بەدرۆزایی مۆژووی کۆن و نوێ، بەتایبەتیش لەگوزانەوەی رووداو و بەسەرهاتەکاندا راستگۆ بوون؟

یوسف عزەدین: تۆ وەرە بڵوانە مۆژوونووسێکی وەك "هیرۆدۆت" کەدەرئەنجامی گەڕانی بەزۆر وڵات و کیشوەردا، زانیارییەکی زۆری سەبارەت بە میللەتان و وڵاتان نووسیووەتەوەو لەوانەش خستنەڕووی زانیارییە سەبارەت بەحوکمڕانی و بوونی مۆژوویی مادەکان.. "ئیگۆر میخائیلۆڤیچ دیاکۆنۆف" لەنووسینی کتێبی ماد-ەکاندا سوودی لێوەرگرتووە..بەڵام بەدرۆزایی مێژوو، لێرەو لەوێ کەسانێك بەرپەرچی هیرۆدۆت-یان داوەتەوەو راستی و دروستی زانیارییەکانیان

خستەتە ژێر پرسیارەوە، تا دەگاتە "هیوزینگ" کەلەسەدەی بیستەمدا زۆر هەوێدا، باس و خواسی سەبارەت بەمادەکان-ی هیرۆدت بەدرێ بخاتەوە.. کۆنترین هەوێدانیش بۆ دژایەتی و بەدرێ خستنەوەی هیرۆدت، لەلایەن کتسیاس-ەوە کراوەو بەناوبانگترین کتێبی مێژوویشی بەناوی "پرسیکا" نووسیوە..ئەم زاتە وەك دەڵێن پزیشك بووەو لەپێش زایینداا لەلایەن ئێرانییەکانەوە بەدیل گیراوەو سەرەتا براوە بۆ دەربارى داریوشى دووهەم و دواتریش حەڤدە ساڵی لەدەربارى ئەردەشێر-دا بردەتە سەر و بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵا گریکەکان سوودى لێوەرگیراوە.. دیاکۆنۆف سەبارەت بەکتسیاس ئەوە دەخاتەوو، کەهیرۆدت هەر شتێکى بەسپى باس کردبێت، ئەوە کتسیاس کردوویەتى بەهەش و بەپێچەوانەشەوە، یان ئەگەر بەتەواوى لەووداوەك حاڵى نەبووبێت، ئەوە لەخۆیەوە شتى نووسیوەو هەر ناوەکیشى نەزانیبێت یان لەبیرى چووبێتەوە، ئەوە هەر لەخۆیەوە ناوى شوێنێکى ترى بۆ داناوە.. کتسیاس رك و کینەیەکى زۆرى دەرحەق بەهیرۆدت هەبووەو بەناو و شوهرەتى گەلێك قەس بووە، بۆیە هەرچییەك ئەو وتبێتى، ئەم پێچەوانەکەى وتووە.. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، هەر لەسەرەتاوە نووسینەوەى مێژوو، چەند ناڕاست و خوار و خێچ بووە.. "پلوتارك" یش مێژوونووسى سەدەى یەکەمى زایینى، هەر بەتایبەت کتێبێکى دژ بەهیرۆدت نووسیوەو ناوى ناوە"بەربەرپەرست".. چونکە پلوتارك و هاوچەشنەکانى لەسەنگەو دیدگەیەکى رەگەزپەرستانەوە مێژوویان داتاشیوەو گەلانى غەیرە گریکى و ڕۆمانییان بە بەربەر و دڕندە وەسفکردووە.. هەن پێیان وایە هیرۆدت بۆلایەنانە مێژووى نووسیووەتەوەو هەشن پێیان وایە بەئارەزووى دەسەڵاتدارنى ئاتن، مێژووى هەنیوەتەوە.

لۆڤین: ئەمەى تۆ باسى دەکەیت، وامان لێدەکات هیچ باوەڕبکەمان بەنووسراوە مێژوونووسەکان نەمێنێت و بەتایبەتیش کتێبە دیراسییەکانى مێژوو، کەمەنهەجییانە لەقەناغەکانى خوێندندا وەك بەگەنەویست ئەقڵى خوێندکارانى پێ سیخناخ دەکرێت؟

یوسف عزەدین: بەڵى ساختەکارییەکانى نێو کتێبە مێژوونووسەکان، گرفتێکى مەعریفى زۆر گەورەیە.. ئەمە لەبوارە زانستییەکانى تریشدا دەبینرێتەوە، هەر بۆ نموونە ساڵانێکى زۆر هەوێدرا لەووى فیزیکى و بایۆلۆژییەوە، رەگەزەکانى مرۆڤ جیابکرێتەوە، کەکۆمەڵە زانایەك پێیان وابوو، رەگەزى ئەفەریقى هاوسابیا-یەو ئاسیا-یەکانیش لەهەگەزى هاوڕ ئیریکەس-ن و ئەروپاییەکانیش لەهەگەزى نیاندرتاڵ-ەوە هاتوون..بەڕام ئەمە تاساڵى 1987بۆیکردوو زانای

بایەلەژی" بۆرکی"لە"کالیفۆرنیا" بەشیکارکردنی "دی.ئۆن.ئەی" رەگەزە جیاوازەکان، سەلماندی کەهەر هەموو مرۆڤایەتی لەیەك بنەچەی مرۆڤەوە هاتوون و سەرچاوەکەشی ئەفریقایە..شایانی باسە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەشدا، لەبەشە ئەمانییەکەی باشووری ئەفەریقادا، بەگەنامەیەك سەبارەت بەژمارەی ئاژەڵە شیردەرە کوژراوەکانی ئەو سنوورە جوگرافییە نووسراوەو جێی سەرنجە کوژرانی چوارسەد مرۆڤی ئەفەریقی لەژێر ناونیشانی"دانیشتووانی دارستانەکان" لەهەمان ڕاپۆرتداو وەك توخمێك لەئاژەڵ جێکراوەتەوە.

لڤین: بۆیە دەبێت هەردەم لەپێناو ساغکردنەوەی ڕاستییە مێژوویەکاندا، لەگەڵانی بەردەوامدا بین؟

یوسف عزەدین: دەبێت لەگەڵانی بەردەوامدا بین، بەڵام جیاواز لەو گەڵانە بەردەوامەی زانای دکۆمێنتە کۆنەکانی ئەمان "کۆستانتین چیندرۆف" کردی، پاش چەند سەفەرێکی بۆ میسر ساڵانی 1844و1853و پاش مایەپووچبوونی لەدۆزینەوەی تێسکتە کۆنە ئاینییەکانی تەورات و ئینجیل و هاوچەشنەکانی، دواجار لەساڵی 1869دا دنیای سەرسامکرد بەدۆزینەوەی دەستنووسێکی کۆن لەکۆسایەکی میسر و بەو پێیەی کەنیسەکە ئەرسۆزکسی بوو، لەلایەن تزاری ڕوسیاوە کۆمەك دەکرا، هەر بۆیە دەستنووسەکەی پێشکەش بەتزار کردو ئیدی بووە ئیعجابی هەموو ئەوانەی بۆ سەیری دەچوونە شاری پوتروسبۆرگ و تا دواجار بەلشەفییەکان لەساڵی 1933دا بەمەبلەغێکی خەیاڵی بەبەریتانیا-یان فرۆشت و دەرکەوت ئەو دەستنووسە تەنها بریتی نییە لەتەورات و ئینجیل بەکو "ئینجیلی بەرنابا"ش لەخۆ دەگرَت، کە لەلایەن کۆساوە لەسەدەی سێیەمی زایینییەوە قەدەغەکرابوو.. لەکاتێکدا ئەمەو چەندین بەگەی تر، ڕاستی و دروستی دەستنووسەکەی دەسەلماند.. بەڵام زاتێکی وەك "کامماير" پاش گەڵان و وردبوونەوە توانی ساختەبوونی دەستنووسەکە کەشف بکات، کە چیندرۆف لەڵێی قەشەیەکی گریکیی تەزویرچییەوە، بەناوی "سیمونیدس" ئەم تەزویراتەی کردبوو، ئەو زاتە یەکێك بووە لەو تەزویرچییە زۆر شارەزایانەی، کەبۆ بەدەستهێنانی پارە دەیان تێکست و دەستنووسی تەزویر کردبوو.. ماوەتەوە بڵێین " کامماير" یەکێکە لەو ڕەخنەگرە بەتوانایانەی کەلەساڵی 1889لەدایك بووەو لە 1929دا کتێبی "تەزویری گەردوونیی مێژوو"ی نووسی، بەڵام هیچ دەزگایەکی چاپ و باڵاوکردنەوە بۆیان باڵاونەکردەوە.. چ نازییەکان دژایەتییان کردووەو چ دواتریش کاتێك لەئەمانیای دیموکراتیدا دەژیا، شیوعییەکان.. تا لەساڵی 1959دا بەبۆکاری و لەبرساندا سەر نایەوەو مرد.. ئەم پیاوە خاوەنی هیچ

بڕوانامەیەك لەمژووداویان پسپۆرییەك نەبووە، بەڵام کارەکانی هەموو رونـاکبیرانی سەسامکردووەو بە خۆی وتـویەتی:" لەپێناو پاڵنەرە رووناکبیرییە رەسەنەکاندا دەنووسم، چونکە مژوویەکی تەزویرکراو ترسناکە بۆ شارستانییەت و کلیلی هەڵەمان دەداتە دەست و دەبێتە مایەی خوێقاندنی مەعریفەو هۆشمەندییەکی هەڕەتیانەر، کەبەخۆرایی دەبێتە سووتەمەنی کۆشمانکۆشەکانی داهاتوو".

***لەژمارە"343"2016-12-15ی گۆڤاری لڤین-دا باوبۆتەوە.**

ناساندن

یوسف عزەدین

ڕۆمانناووس و نووسەر

لەساڵی 1990-1991زیندانی بووە لەمودیریەتی ئەمنی سلێمانی سەردەمی ژێم"ناسراو بەئەمنە سوورەکە"و پاش ئەوەی خۆی و هاوڕێکانی فەرمانی گوللەبارانکردنیان بۆ دەردەچێت ، کەدەبوو لە21-3-1991دا لەمەلعەبەکەی سلێمانی گوللەبارانبکرێن..بەڵام ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بووە لەمپەر و لە بەرواری 8-3-1991 پاش شاڵاوی خەڵکی ڕاپەڕیوو بۆ ئەمنەسوورەکە ئازادکرا.

یەکێکە لەو ناوانەی نەوەی نووسەرانی پاش ڕاپەڕینیان پێدەوترێت و هەوڵی زۆر جدیی هەیە، چ لەبواری ڕۆمانناووسینداو چ لەبواری تەرحی فیکری و بگرەو بەردە فەلسەفییەکاندا وەك لەدیالۆگ و گفتوگۆکانیدا دیارە، ئەم سەرقافڵەو پێشەنگی ژمارەیەك دەنگ و ناوی جدییە.. بەڵام بەپێچەوانەی زۆر لەو دەنگانەی کەهەمیشە لەبەرچاوان و دەور قەرەباڵغن.. نووسەرێکی تەنها و دووەپەرزە، هیچ تێکەڵیی و خوێقی نێوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سەنتەر و کایەکانی تری نییە.. ڕەنگە ئەمە لەڕوویەکەوە باش بێت، چونکە کەس هێندەی نووسەر پێویستی بەتەنهایی و دووەپەرزی نییە.. بەڵام مەخابن لەڕوویەکی تریشەوە کارێکی خراپە بۆ نووسەر، بەتایبەت بۆ وەسەتە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی لای خۆمان.. چونکە ناساندن و خۆ بردنە پێش و پشتگیری ئەملاو و ئەولا، گەرەنتی بەرەوپێش چوون و ناساندن و بڵاوکردنەوە بەنووسەر و بەردەوامبوونی چاپکردن و ریکلام بۆکردنی کتێبەکانییەتی، ئیتر ئەگەر زۆر لەنووسەران عەوداڵی ئەم گەمەیە بن، نووسین پێپلیکانەی چوونە سەرەوەو زیادبوونی ئیعتیباری کۆمەاڵیەتی و بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادیی و هەندێك شتی دیکە بێت لای هەندێك لەنووسەران.. ئەوە لای "یوسف عزەدین " بەجۆریکی ترەو لای ئەو نووسین و بیرکردنەوەو خوێندنەوە، مانایەکی جوداو

جیاوازتری هەیە، لەو مانا سەرزارەکی و سەتحییانەی کەنێوەندە فەرمی و تەقلیدییەکانی ڕۆشنبیری و نووسین تێیدا چەقیوون.

ئەم نووسەرە چەند زمانێك دەزانێت، لەوانە زمانی تورکی و عەرەبی بەباشی دەزانێت، چ بۆ نووسین و چ بۆ وەرگێڕان.. کۆمەڵك بابەتی وەرگێڕاوی لەزمانی تورکی و عەرەبییەوە هەیە.. بابەتی نووسراو و بڵاوکراوەی بەزمانی عەرەبی هەیە، کەلە کۆمەڵك ڕۆژنامەو سایتی عەرەبیدا بڵاوکراونەتەوە.

نووسەر و وەرگێڕی مەغریبی "سەعید بلغربی" کۆمەڵك تێکستی ئەم نووسەرەی لەزمانی عەرەبی-یەوە کردۆتە ئەمازیغی و لەدوو توێی کتێبێکی سەربەخۆدا لەمەغریب بەچاپی گەیاندووەو شایانی باسە ئەمە یەکەمین جارە تێکستی کوردی بکرێتە ئەمازیغی و لەدوو توێی کتێبێکدا چاپبکرێت.. بەتایبەت مەغریب وڵاتی نووسەرانی بەتوانای وەك "تاهیر بن جەلون"و "محەمەد زفزاف"و"محەمەد شوکری"یەو خاوەن خوێنەرانێکی جدییە.. هەروەها ئەم کتێبە بۆتە ماتەیاڵی دیراسی کۆلێژی ئادابی یەکێك لەزانکۆکانی مەغریب و وەك وەرگێش لەچاپێکەوتنێکیدا ئاماژەی پێداوە، ئەو خێی لەنێو کۆمەڵك تێکستی ئەدەبی وەرگێڕاوی کۆمەڵك نووسەری کورددا، بەبێ ناسینی خودی نووسەر، تەنها تێکستەکانی یوسف سەرنجی ئاکۆشاوەو سەرسامی جدییەتی بووەو هەر بۆیە ماوەیەکی دوور و درێژی بۆ وەرگێڕان و پاشان بەچاپ گەیاندنی تەرخان کردووە.

کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر

دیوێکی دیکەی حیکایەتە نەنووسراوەکان/ڕۆمان/چاپخانەی شڤان-سلێمانی2006

تەنها ڕۆژێکی سارد/ڕۆمان/دەزگای موکریان/هەولێر/2008

پێخەفێك لەخوێن/هونەری گێڕانەوە/دەزگای ئاراس/هەولێر/2008

ماجەراکانی سەلمانی فارسی/ڕۆمان/یانەی قەڵەم/سلێمانی2009

وێگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان/ ڕۆمان/بەرهەمی بڵاوکردنەوەی سلێمانی/2009

وەهم و شوناس/ گفتوگۆو وتار/چاپخانەی یاد/ سلێمانی/2012

کۆتاییەکان/ئەنفارار/ هونەری گێڕانەوە-سردیات/بەزمانی ئەمازیغی-دار کەبەدانی-مەغریب2015

گەر "من" مەن نەبم، "تۆ"ش تۆ نی!؟ ... برایم فەشی

